# ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنیسەراسەری پەنابەرانی عێراقی

## نوێنەرایەتی سکرتاریەتی فدراسیۆن
## لەسەر کێشەی پەنابەران لەگەڵ نوێنەری حکومەتی هەرێم لەبەریتانیا کۆدەبێتەوە

ئەمڕۆ 9/19 بەنوێنەرایەتی سکرتاریەتی فدراسیۆن ئاسۆ گۆران و نوری بەشیر، چاویان کەوت بە بەرێزان بەیان سامی عبدالرحمن نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان و خانی هەژار لەسکرتاریەتی حکومەتی هەریم، لەبەریتانیا.

ئەم چاوپێکەوتنە لەکارو چالاکیەکانی فدارسیۆنەوە سەرچاوەی گرتووەوە کەهێرشی سەرلەنوێی دەوڵەتانی ئەوروپا بەگشتی و دەوڵەتی بەریتانیا بەتایبەتی لەگرتن و زیندانیکردن و دیپۆرتی پەنابەرانەوە دەستی پێکردۆتەوە.

سەرەتا نوێنەرانی سکرتاریەتی فدراسیۆن هۆی ئەم چاوپێکەوتنەیان ڕونکردەوە، وە نیگەرانی خۆیان و تورەیی پەنابەرانیان دەربری لەبەرامبەر هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر پەنابەران و ڕێکەوتنێك کەهەیانە بۆناردنەوەی بەزۆری پەنابەران، وە فرۆکەخانەکانی حکومەتی هەرێم خستنە خزمەتی فرۆکەکانی ئەم وولاتانە بۆ ناردنەوەی پەنابەران، وە ئەوەیان بەنوێنەری حکومەتی هەرێم ڕاگەیاند کەئەم هەڵویستەی ئێوە وایکردوە پەنابەران بنێررێنەوە لەکاتێکدا هەلومەرجی عێراق و کوردستان نا ئەمنەو کۆمەلگا سەرگەردانە، وە ڕونیانکردەوە کە فدارسیۆنی سەرتاسەری پەنابەران وەك تاقە ڕێکخراوی نوێنەری پەنابەران بەجدی کار دەکات بۆ ڕێگەگرتن لەناردنەوەی پەنابەران و دانەوەی وەلامی مسبت پێیان، لەم نێوەدا بۆ ڕێگەگرتن لەهێرشی دەوڵەتانی ئەوروپا و بەتایبەت لەئێستادا حەملەی گرتن و ڕاونان و زیندانیکردنی پەنابەران، هەڵویستی ڕون و ڕاشکاو لەحکومەتی هەرێم دەخوازێت، کە ئەگەر هیچ ڕێکەوتنێك نیە بۆ ناردنەوەی پەنابەران و نەخستنە حزمەتی فرۆکەخانەکان بۆناردنەوەی بەزۆرو پەنابەران بەدەست بەستراوی و بەفرۆکەی سەربازی، وە ئیشارەیان کرد ئەگەر ئێوە بەوە ناڕازین و ریکەوتنێکی

لەو جۆرەتان نیە، بەقازانجی پەنابەران ئەوا نامەیەك بلاوبکەنەوە هەڵوێستی حکومەتی هەرێم رۆشنبکەنەوە کە ئیوە نارازین بەزۆر ناردنەوەی پەناران و هەروەها فرۆکەخانەکانی حکومەتی هەریم ناخەنە حزمەتیان.

پاشان نوێنەری حکومەتی هەرێم بەیان سامی عبدالرحمن، ئیشارەی دا بەوەی کەئەوان چەند جار وتویانە کەریکەوتنیان لەگەڵ دەوڵەتانی ئەوروپا و بەریتانیادا نیە بۆ ناردنەوەی پەنابەران و بلاویش کراوەتەوە لە 2005 داو سەرۆکی حکومەتی هەرێمیش هەر وای وتوەو ئێمە تایدی بەزۆر ناردنەوە ناکەین و تایدی ناردنەوەی دلخوازانە دەکەین. لەسەر قسەکەی ئێوە ئێمە هەوڵ ئەدەین نامەیەکی لەوجۆرە بنوسین کە ئیوە ئیشارەتتان پێدا، وە ، وە نارازین بەناردنەوەی بەزۆر و بەدەستبەسراوی بەفرۆکەی سەربازی بۆ کوردستان.

لەکۆتایدا نوینەرایەتی سکرتاریەتی فدارسیۆن ئیشارەیان دا ئەگەر ئێوە کارێکی وا بکەن و نامەیەکی وا بنوسن ئەوا دەستی فدارسیۆن سەرتاسەری پەنابەران ئاوەلا دەبێت بۆ کارەکانی و بۆ فشار خستنە سەر ئەم حکومەتانە، کەدەست لەگرتن و راونانی پەنابەران و ناردنەوەی بەزۆر هەلگرن، چاوپیکەوتنەکە پاش یەك کاتژمێر کۆتایی پێهات.

**سکرتاریەتی فدراسیۆن**

---


IFIR:PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK:CONTACT Dashty Jamal,

d.jamal@ntlworld.com, Mobile:00447856032991 ,Aso Goran: asobalabarz116@hotmail.com

Jasim Gafur: Jasm_rg@yahoo.co.uk Burhan Fatah : burhanfatah@aol.com Mobile: 07877489626 or 07929010257 Office: 0161 234 2784 Aram Hama 07729182083